نێچیرڤان بارزانی: یەکێتیی یادگاری مام جەلاڵ و دەبێت ڕێچکەی بەرنەدا

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە وتارێکی لە کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەمڕۆ چوارشەممە ڕایگەیاند، کە نابێت مووچەی مووچەخۆران بکرێتە سیاسی و هەموو لایەنەکان یارمەتی حکومەتی هەرێم بدەن تاوەکو کێشەی مووچەخۆران چارەسەر بکرێت،سەرۆکی هەرێم لەباری پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە عێراق جەختی کردەوە، کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق لەگەڵ یەک دەتوانن عێراق بکەنە وڵاتێکی بە توانا.

نێچیرڤان بارزانی لە کۆنگرەکە یادی جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی کۆچ کردووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کردەوە و وتی: یەکێتیی یادگاری مام جەلاڵ و دەبێت ڕێچکەی بەرنەدا، هەروەها هیوای خواست کە کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەنجام و دەستکەوتێکی باشی هەبێت بە هەرێمی کوردستان و عێراق.